82023 ی تشرینی دووەمی

**کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان**
**ئەپیکور و بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە دوبەی کۆبوونەوە**

**خاڵە گرنگەکان:**

ئەمرۆ ئەپیکور و بەرپرسانی حکومەتی عێراق لە دوبەی کۆبوونەوە.

ئامانجی ئەپیکور دەستپێکردنەوەی هەرچی زووتری هەناردەی نەوتە لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە، ئەمەش لەرێگەی پێشنیازێکەوە بۆ فرۆشتنی پشکی نەوتی کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکور بە وەزارەتی نەوتی عێراق و سۆمۆ.

8ی تشرینی دووەمی 2023 نوێنەرانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتی نەوتی حکومەتی عێراق و سۆمۆ و کۆمپانیای نەوتی باکوور لە دوبەی کۆبوونەوە. ئەمەش یەکەم کۆبوونەوەی ئەو گروپانە بووە.

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان (ئەپیکور) و نوێنەرانی حکومەتی عێراق، جەختیان لەوە کردەوە چەندە گرنگە لەسەر رێککەوتنێکی دوو لایەنە و پەسەند هەرچی زووتر بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت بۆ بازاری وزەی جیهان دەستپێبکاتەوە. وەک خێراترین رێگە بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا، ئەپیکۆر پێشنیازی کرد سۆمۆ لەبارەی گرێبەستەکانی کرین و فرۆشتنی نەوتی خاو لەگەڵ ئەندامی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان دانوستان بکات. بەگوێرەی گرێبەستی پشکی بەرهەمهێنان، کۆمپانیاکانی ئەندامی ئەپیکۆر مافی ئەوەیان هەیە پشکی بەرهەمی نەوتی خۆیان بفرۆشن، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لەوەکرد، چۆن ئەندامانی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان نەوت بفرۆشنە وەزارەتی نەوت و کۆمپانیای سۆمۆ، بۆئەوەی دواتر لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە بگوازرێتەوە بۆ بازارەکانی جیهان.

نوێنەرانی ئەپیکۆر ئاماژەیان بەوەداوە دەتوانن دەستبە بەرهەمهێنانی تەواوی نەوت بکەنەوە، ئەگەر رێککەوتنێکی روون و ورد و یاسایی هەبێت بۆ فرۆشتن و هەناردەی نەوت، لەناویشیاندا پێدانی پارەی فرۆشی رابردوو و داهاتووش.

شاندنی حکومەتی عێراق دانبەوەداناوە، دەبێت قەرزەکانی رابردوو رێزیان لێبگرێت و رێکخستنی گرێبەستەکانیش هەمووان پەسەندیان بکەن، لەناویشیاندا حکومەتی هەرێمی کوردستان. نوێنەرانی ئەپیکۆر جەختیانکردەوە، پێویستە مەرجە بازرگانیەکانی ئێستا وەک خۆیان بمێننەوە و گرێبەستەکانی پشکی بەرهەمهێنان کاریان پێدەکرێت.

خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، بەهۆی راگرتنی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا، لەرووی ئابوورییەوە بەردەوام زیانیان پێدەگات، هەروەها نەبوونی رێککەوتنێکی بازرگانی کە ب وەبەرهێنانی بیانی بپارێزێت و لە داهاتووش هانی وەبەرهێنانی بیانی بدات لە عێراق. ئەندامانی ئەپیکۆر بەردەوام دەبن لە کارکردن لەگەڵ حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و دەستپێکردنەوەی تەواوەتی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیاوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی هەموو عێراقییەک.

**-کۆتایی-**

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**
ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن، کۆربەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو رەخساندنی هەڵێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk

واتسئاپ: +1-254-371-5704

کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:

تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil